



التحام!
إطلاق!


تلويح
إمساك
ستجد جميع أعمالك المفضلة مجانا على:
Aresmanga.net






ئایا پێتوابوو دەتوانی لێم بدەیت,
هەرگیز نەکەی پاشەکشە بکەی ئەگەر شتەکانیش بەپێ پێشبینیەکانت نەڕۆیی.
باشە مامۆستا.


تصادم
له جوڵه و هاوسەنگی هێزی دەستەکانت بۆ سەر چەکەکەت کێشەت نیە,
بەڵام وادیارە ئەم چەکە وەزنی زۆر قورسە بۆ تۆ...


لەگەڵ ئەوەشدا,
ئایا پێت وانیە جاسەمین جـەنگاوەرێکی مەزنـی لێدەردەچێت خـــاتــوو فلیەمسۆرث؟


بەڵێ... بە تایبەت ئەو کاتێ فێرە بەکارهێنانی مانا دەبێت.






دەمەوێت پرۆسەی مەشق کردنی ببینم لەسەر کریستاڵی مانا...


بیرت بێت هەر وەك چۆن مەشقمان لەسەر کرد...







قرقرة
ستجد جميع أعمالك المفضلة مجانا عــلى:
Aresmanga.net


بيرت بێت
جاسەمين,



ستجد جميع أعمالك المفضلة مجانا على:
Aresmanga.net


زۆرباشە, بەم شێوەیە بەردەوام بە....
فووووش
تەركیز بكەوە لەو مانایەی كە لەناو لاشەتدا دەجوڵێت...
وە هەوڵ بدە بەرەو دەستەكانتی ببەیت دواتر پاڵیدە بۆ ناو كریستاڵەكە.







دایکە, باوکە, ئایا ئەمەتان بینی.
من ئەنجاممدا...!
زۆرباشە, نیو ساڵ لەوە زووتر بوو کە بیرم لێدەکردەوە


...
[redacted]



ئایا ئێمە هیچ کریستاڵێکی توخمیمان هەیە لێرانە؟
ب-بەڵێ, گەورەم؟
باشە, مادەم با جاسەمین دانەیەکیان تاقی بکاتەوە.


ترۆدیوس, هەرگیز شتی لەم شێوەیە پێشتر ئەنجام نەدراوە.
گەورەم, ئەو هێشتا پێویستە دوو کریستاڵی بنەڕەتی مانا پاك بکاتەوە پێش ئەوەی تاقیکردنەوە کریستاڵی توخمی بکات.


دەزانی پێشتریش هــەرگـیـز چـیـتـر ڕووینەداوە؟!
ئەوەیە کە هەرگیز بلیمەتێکی وەك ئەو لەو تەمەنەدا بوونی نەبووە, بۆیە هەر ئێستا بـڕۆ کریستاڵێکی توخمی ئاگر بهێنە.
بە ئاگاهێنانەوەی توخمی ئاگر لە لایەن بچووکـتـریـن فلەیمسۆرثەوە, وە ڕاگەیانـدنی پێش ئاهەنگی نـانی ئـێـوارە, بناغەی خێزانی فلیەمسۆرث زیاتر پتەوتر دەکات.


پێشبینیەکانت بۆ ئەو لە سنووری بێ مانایی دەرچووە.
من تەنها متمانەم بە کچەکەمانە کە تـوانـای لە دەرەوەی سنووری تەمەنی خۆیتی.




تەنانەت ئەزولیا و
لاورێلیش هێشتا دەستیان
بە کریستاڵی توخمی
نەکردووە.
هەروەها ئەوانی تر
لە تەمــەنــی دوانـــزدە
ساڵی دەستیان پێکرد.


سینێر لە یەکمجاردا سەرکەوتوو بوو, وە ڕۆوان چەند هەفتەیەکی پێچوو, هەروەها کاسیان چەند مانگێکی پێچوو.
باوکـم توڕە دەبێـــت.
من پێویستە ئەو بێهوا نەکەم.


گوێبگرە جاسەمین, چالاك کردنی کریستاڵی توخمی هاوشێوەی چالاك کردنی کریستاڵی بنەڕەتیە.


بەڵام کریستاڵی توخمی دروست کراون لە مانایەکی خەست بۆ توخمەکان.
وە کریستاڵی بنەڕەتی بۆ فێر کردنی جادووگـــەرە گەنجەکانە, تا فێری ئەوە بن چۆن هەست بەو مانایە بکەن کە لە هەودا هەیە...
...بەڵام کریستاڵی توخمی بۆ ئەوەیە تا بزانین جادووگەرە گەنجەکان بە تەمان چ جۆرە توخمێك بەئاگا بهێنەوە.


جاسەمین تۆ هێشتا زۆر بچووکی بۆ نیگەران مەبە ئەگەر کریستاڵی ئاگر کاردانەوە نەبوو...
بەسە...
بۆچی تاقی نەکاتەوە لە جیاتی ئەوەی گریمانەکانی بۆ شی بکەیتەوە.


ئەو هەستت بیر بێت چۆن پاڵت بە ماناوە دەنا بـۆ نـاو کریـستـاڵـە بنەڕەتیەکە.
بەڵام بۆ ئەم جۆرە هەموو مانایەك پاڵ مەنێ بۆ ناو کریستاڵەکە...
چونکە کریستاڵەکە تەنها کاردانەوەی دەبێت بۆ جۆرە مانایەک, کە تایبەتە بە خۆی ئەویش ئاگرە, ئایا دەتوانی هەستی پێ بکەیت جاسەمین؟








چی ڕوودەدات؟ ێ-ئەمە مانای چیە؟


هەر وەك وتم, وادیارە هێشتا زۆر زووە بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە.
خێرا برۆ دانەیەکی تر بهێنە.


ب-بەڵام گەورەم...
من دەمەوێت دووبارە هەوڵ بدەمەوە...


تکایە...
لێگەڕێ با دووبارە هەوڵ بدەمەوە








باوکە,من...
بێدەنگبە, پێم بڵێ ئەو هەموو وانەیەی تا ئێستا خوێندووتە سوودی چ بووە؟


ماوەی چوار سەحات مەشق کردن, دووجار لە ڕۆژێکـدا, بۆ چەنـدیـن ساڵ, بۆ چی بووە؟
مـن چــەنـدەهـا سەرچاوەم دابین کردووە بۆ کچەکەم, کەچی ناتوانێت کریستاڵی توخمی ئاگر کە سەرەتایە چالاك بکات؟
ئەمە شتێکی زووە بۆ هەر منداڵێکی ئاسایی تا....


جاسەمین تەنـها منداڵێکی ئاسایی نیە؟
ئەو منداڵێکی بلـیـمـەتـە.


من چیتر توانای لێبوردەیم لەگەڵ منداڵەکانم نەماوە, هەرچەندە باشترین ڕاهێنەرەکان پێشکەش دەکەم، بەڵام هەرگیز ئەنجامە دڵخوازەکان نابینم.


کاتی مەشق کردنی جەستەیی جاسەمین بکە بە دوو هێندە, وە کاتی مەشق کردن لەسەر کریستاڵەکان بکە بە سێ ئەوەندە.ئایا تێگەیشتی؟
بەڵێ, گەورەم.


وە متمانەم وایە
کە تۆ بەردەوام دەبیت
لە ئـــەنـجامــدانـــی
باشترینەکانت؟


زۆرباشه.






نیگەران مەبە تۆ دەتوانی ئەنجامی بدەیت.


إنحناء


با دەست بە قۆناخی
داهاتووی کریستاڵی مانا
بکەین, تکایە؟